- خۆڕاگریی لە قسە کردندا/ بەبێ بیر کردنەوە، هیچ شتێک نەوترێت.
- خۆڕاگریی لە پیشەدا/ ئەوەی کە دەکرێت، بە پێی توانا بکرێت.
- خۆڕاگریی لە دەسەڵاتدا/ هەرگیز بیر لە چەوساندنەوە نەکرێت.
- خۆڕاگریی لە دەوڵەمەندیدا/ هەرگیز لەخۆبایی بوون نەبێت.
- خۆڕاگریی لە بڕیارداندا/ بەپەلە هیچ بڕیارێک نەدرێت.
- خۆڕاگریی لە هاوڕێیەتیدا/ هەموو نهێنییەک باسنەکرێت.
- خۆڕاگریی لە خۆشەویستیدا/ ئەوەندە زۆر نەبێت کە دابڕان هۆی مەرگ بێت.
- خۆڕاگریی لە بیر کردنەوەدا/ ئەوەندە زۆر نەبێت کە ببێتە هۆی ماندوویی و سەریەشە.
- خۆڕاگریی لە گفت و گۆدا/ ئەوەندە زۆر نەبێت کە ببێتە هۆی بێزار کردن.
- خۆڕاگریی لە باوەڕدا/ بیروباوەڕی خۆت

**زۆر بێژ:**

- کات زۆر لەوە بەنرخترە، کە لەگەڵ کەسانی زۆر بێژدا، بە فیڕۆ بدرێت.

**کۆشکی دڵ:**

- ناو قەفەسی سینە، جوانترین کۆشکی رازاوەی دڵی مرۆڤە. تاریکی و رووناکی ئەو کۆشکەش، پەیوەستە بە پارچە گۆشتێک کە ناویی نراوە دڵ. هەرکاتێک دڵ گەش بوو، ئەو کۆشکەش رووناک دەبێت. کە بەتارمایی رەشیش داپۆشرا، تاریک دەبێت و شوێنی ژیانی لەناودا نامێنێت.

**هەموو کەسێک جوانە، بەڵام جوانیەکان جیاوازن:**

- جوانی رەنگ و روخسار،
- جوانی شێوەو ئاکار،
- جوانی هەست و دەروون،
- جوانی رەوشت و ئەدەب،
- جوانی زانست و هونەر،
- جوانی رەفتارو هەڵسوکەوتی لەبار،

## بەرژەوەندی:

- کاتێک، دڵ بە قسەو نوکتەو پێکەنینی ماناداریی بەرامبەرەکەت خۆشکە، کە خاڵی بێت لە بەرژەوەندیی تایبەتی.
-

## ژین و مردن:

- بە جۆرێک بژیین، کە هۆی خەم و ئازار نەبین. بە جۆرێکیش بمرین، کە لە بریی نزا بۆ کردن، نزامان لێنەکرێت.

## ژیان فێرگەیە:

- هەر شتێک کە دەیبینی، جوانیەکت پێدەبەخشێت.
- بیر لە هەرکەسێک دەکەیەوە، چەندین وانەت فێر دەکات.
- بەتایبەتی هەڵەکانی رابردوو، مامۆستاو فێرکاریی ئەمڕۆی هەموومانن.

## ویژدان:

- هەرکاتێک پارەو سامان، جێگەی غیرەت و پیاوەتی گرتەوە، ویژدان، ماڵئاوایی دەکات.

## زۆر بیێژیی:

- ئەگەر زۆر بێژی، نیشانەی وشیاری و لێهاتوویی بوایە، دەبوایە ماستاو چیەکان، پێشەنگی مرۆڤایەتی بوونایە.

## دۆست و دوژمن:

- دوژمنێک، کە پارێزەریی نەتەوەی خۆیەتی و بەخوێنی سەرم تینووە، زۆر باشترە لە هاوخوێنێک کە دوژمنی خەڵکی خۆیەتی.

## زانست:

- زانست، ئەوە نییە کە زۆر بێت و بشاردرێتەوە، بەڵکو ئەوەیە، کە وەک تیشکی خۆر، سوود بەخش بێت و لە ژیانی مرۆڤەکاندا، رەنگداتەوە.

